# کورته فیلمی "زبڵدان" بەشداری لە فیستڤاڵی نێودەوڵەتی لە هۆلیۆد دەکات




دڵزار حەسەن

لە ژێر دروشمی دەنگی فیلم سازی کوردستان فیلمی "زبڵدان" لە نووسینی "ئازاد خەمە" و دەرهێنانی هونەرمەند "عەدنان عوسمان" بەشداری لە فیستڤاڵی "لابریتی Liberty" نێودەوڵەتی لە هۆلیود دەکات ، کە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژی شەممە 2005/10/22 کاتژمێر 3.30 دەقیقەی ئێوارە بەکاتی ئەمریکا لە یەکێك لە گەورەترین سالۆنەکانی سینەما لە هۆلیود نمایش بکرێت. شایانی باسە فیلمی زبڵدان ئێستا کەوتۆتە پێشبرکێ لەگەڵ چەندین فیلمی جیهانی بۆ بەشداریکردنی لەو فیستڤاڵەدا، دەرهێنەر "عەدنان عوسمان" لەوبارەیەوە پێی ڕاگەیاندین کە ماوەی فیلمەکە "4" خولەك و "10" چرکەیە ناوەڕۆکی فیلمەکەش باس لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تیرۆرزم دەکات لە ڕێگای نیشاندانی وێنەی زبڵدانەکان و منداڵە هەژارەکاندا. هەروەها ئاماژەی بە ژیانی هونەری خۆیدا و وتی: من ماوەی بیست ساڵە کاری هونەری دەکەم و کاری وێنەگرتنم بۆ "50" فیلم کردووە و "7" کاری هونەریشم کە چواریان کورتە فیلمە و سێ دانەشیان فیلمی درێژە ئەنجامداوە ، جگە لە کارکردنم لە دەیان فیلمی دیکە



وەك ئەكتـەر و مـۆنتێر. لەپاشـان تیشـكی خسـتنە كـارە هونەریـەكانی فیلمـی "زبڵـدان" و وتی: ئەم فیلمە لە نوسینی هونەرمەند "ئازاد خەمە"یە و دەرهێنانی خۆمـە و وێنـەگرتن و مونتــاژ "ئــەمیر تــەها" و یاریــدەدەری وێنــەگر "موســەدەق جەعفــەر" و ســتافی دەرهێنانیش لە "فیكری بەرۆژ ، كەریم غـەفور ، تەحسین فایـەق، هـێمن حەمـە رەشـید" پێكهـاتووە ، كـاری دەنـگ و ئیكسسـوار و جلوبـەرگ لـە لایـەن "سـەردار بابـەكر ، بێخـاڵ سەباح" سازكراوە. ئەكتەرەكانیش بریتیتن لە "زانیار عەدنان، هەوراز رەشاد ، زانا رەشـاد، رێكار عەدنان". هەروەها دەرهێنەری فیلمی "زبڵدان" بەرهـەمی ئـەم فیلمـەی گەڕانـدەوە بۆ كۆمپانیای "ئەڤینی فیلم" كە لە ساڵی 2005 بەرهەم هاتووە.